پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەستی ڕاستی بۆ دەستپێکردن بە دەستنوێژ وبۆ خواردن بەکاردەهێنا، ودەستی چەپی بۆ خۆپاککردنەوە لە کاتی سەرئاو کردن ولابردنی شتی ئازاردەر بەرکاردەهێنا

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەستی ڕاستی بۆ دەستپێکردن بە دەستنوێژ وبۆ خواردن بەکاردەهێنا، ودەستی چەپی بۆ خۆپاککردنەوە لە کاتی سەرئاو کردن ولابردنی شتی ئازاردەر بەکاردەهێنا». لە حەفسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەستی ڕاستی بۆ دەستپێکردن بە دەستنوێژ وبۆ جل لەبەرکردن وبۆ خواردن وخواردنەوە بەکاردەهێنا، ودەستی چەپی بۆ شتەکانی تر بەکاردەهێنا».

[صەحیحە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی بەکارهێنانی دەستی ڕاست وچەپی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەکات سەبارەت بە بەکارهێنانی شتەکان وکردەوەکان، ئەوەی ڕوونکردەوە کە دەستی چەپ بۆ لابردنی زیان وشتی پیس بەکاریدەهێنا وەکو: تارات کردن، وخۆپاککردنەوە بە جگە لە ئاو -الإستجمار-، وئاو هەڵمژینە نێو لووت ودەرکردنی -الإستنشاق والإستنثار-، وهاوشێوەی ئەمانە، وهەرشتێک کە زیان وپیسی بێت بە دەستی چەپ لادەبرێت، وبۆ کردەوە وشتەکانی تر دەستی ڕاستی بەکاردەهێنا بۆ ڕێزلێنان لە ڕاست. وئەم فەرمووەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی موسەتەحەبە (سونەتە) کە دەستی ڕاست لە پێش دەستی چەپ بەکاربهێنرێت لەو شتانەی ڕێزلێنانە وەکو دەستنوێژگرتن وکاتێک -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: (بۆ دەستپێکردن بە دەستنوێژ): واتا کاتێک دەستیدەکرد بە ئەنجامدانی دەستنوێژ سەرەتا بە لای ڕاستی ئەندامەکان دەستی پێدەکرد، دەستی ڕاستی پێش دەستی چەپ دەشۆرد وپێی ڕاستی پیش پێی چەپی دەشۆرد، بەڵام گوێیەکان وەکو یەک ئەندام دادەنرێن -پێکەوە مەسح دەکرێن- وبەشێکن لە سەر -لە قژ-، بۆیە هەردوویان بە یەکجار مەسح دەکات مەگەر نەتوانێت ویەک دەستی هەبێت، ئەوا سەرەتا بە گوێی ڕاست دەسپێدەکات. (وبۆ خواردن بەکاردەهێنا): واتا لە کاتی خواردن وخواردنەوەدا دەستی ڕاستی بەکاردەهێنا ولە فەرموودەی تردا -صلى الله عليه وسلم- ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە شەیتان بە دەستی چەپ دەخوات، ونابێت مرۆڤ بە دەستی چەپ خواردن وخواردنەوە بخوات مەگەر کەسێک زۆر پێویست بێت یان دەستی ڕاستی نەبێت. (ودەستی چەپی بۆ خۆپاککردنەوە لە کاتی سەرئاو کردن): واتا بۆ تارات کردن وخۆپاککردنەوە بە جگە لە ئاو -الإستجمار- ولابردنی شتە پیسەکان. (وبۆ لابردنی شتی ئازاردەر بەکاردەهێنا): واتا دەستی چەپی بۆ لابردنی شت پیس وزیانلێدەر وەکو تف وبەڵغەم وپێچکە وبەو شێوەیە. وئەو فەرموودەیەی کە حەفسە -ڕەزای خوای لێبێت- دەیگێڕێتەوە دووپاتکردنەوەی گێڕانەوەکەی عائیشەیە -ڕەزای خوای لێبێت-، کە تێیدا ڕوونکراوەتەوە بەکارهێنانی دەستی ڕاست سونەتە -موستەحەبە- لە شتە پاکەکاندا ئەمیش بۆ ڕێزلێنانیەتی، وبەکارهێنانی دەستی چەپ بۆ لابردنی شتی پیس وئازاردەرە وەکو تارات کردن و خۆپاککردنەوە بە جگە لە ئاو وەکو بەکارهێنانی بەرد وپەڕۆ وشتی -الإستجمار- وبەو شێوەیە، ولە فەرموودەکەی حەفسەدا باسی ئەوەش کراوە کە سونەتە لە کاتی خواردنەوەدا دەستی ڕاست بەکاربهێنرێت وهەروەها لە کاتی پۆشینی جلدا سەرەتا لای ڕاست پێشبخرێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3019